# ڕۆڵی فرەدیالێکتی لە دروستکردنی دیالۆگی کولتووریدا

پ. ی. د. عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان
(کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە)

**دەستپێک:**

فرەدیالێکتی بە یەکێک لە ڕوخسارە دیارەکانی فرەزمانی لە ناو یەک کۆمەڵگەدا دادەنرێت، خۆی لەو جیاوازییانە دەبینێتەوە کە لەڕووی گۆکردن و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لە نێوان چەندان گرووپی کۆمەڵایەتی، یان جوگرافیدا هەستی پێ دەکرێت، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت؛ کە فرە دیالێکتی تەنیا لە ڕەهەندی جیاوازییە فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان کورت نابێتەوە، بەڵکوو تەواوی ئەو ڕەهەندە کولتووری و کەتوارییانە لەخۆدەگرێت کە گوزارشت لە ئەزموونە ناوچەییەکان دەکەن.

لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، دەتوانین بڵێین؛ فرە دیالێکتی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دەوڵەمەندکردنی گوتاری کولتووری، هەروەها بەشدارە لە بەهێزکردنی دیالۆگی کولتووری لە ڕێگەی یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیان لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا و لە کایەی گشتیدا یارمەتی فراوانکردنی بازنەی بەشداریکردنی ڕەمزی دەدات.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر ڕۆڵی فرەدیالێکتی لە هێنانەکایەی دیالۆگێکی کولتووری کە تێیدا یەکترقبووڵکردن ببێتە نەریت و بە جۆرێک هەر گرووپێک کە خاوەنی جیهانبینی تایبەتی خۆیەتی، لەڕووی ئەرێنییەوە بەشداری تێدابکات و کاریگەری خۆی بەجێ بهێڵێت.

**١- ڕۆڵی فرەدیالێکتی لە دروستکردنی دیالۆگی کولتووریدا:** بۆئەوەی زیاتر لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە تێبگەین، سەرەتا پێویستە هەندێک لە زاراوە و چەمکەکان ڕوون و شی بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وای بەباش دەزانین بە فرەدیالێکت (فرەزار)ی دەست پێ بکەین.

**١-١/ فرەدیالێکتی:** وەک ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهان لە زارێک زیاتر پێکهاتوون، بەمەش دەتوانین بڵێین فرەدیالێکتی (فرەزاری) بریتییە لە؛ بوونی شێوازی جیاجیای

قسـەکردن لـە نـاو چوارچێـوە و بازنـەی زمانێکـدا، کـە ئـەم شـێوە جیاوازانـە لـە ڕێگـەی جیاوازیـی جوگرافیـا و ئینتیمـای کۆمەڵایەتـی و ژینگـەی کولتـووری جیـاوازەوە لەیەکتـر جیادەکرێنـەوە و دەناسرێنەوە، کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن؛ فرەدیالێکت (فـرەزار)ی بریتییـە لـە؛ شێوازێکی زمانـی، تایبەتـە بـە گرووپێکـی دیاریکـراو لـە بازنـەی کۆمەڵگەیەکـی زمانـی گەورەتـر و فراوانتـردا کـە سیمای دەنگسـازی و وشەسـازی و واتاسـازی تایبـەت بەخـۆی هەیـە و بـە هۆیانـەوە لـە زمانـی سـتاندارد جیادەکرێتـەوە. (کمـال بشـر: ١٩٩٤: ١١٣).

ئاخێوەرانـی دیالێکتـە جیـاوازەکان لـە نـاو زمانێکـی تایبەتـدا، دەتوانـن لـە یەکتـری تێبگـەن، چونکـە لایەنـی لێکچوویـان زیاتـرە لـە لایەنـی جیـاوازی، بـەڵام لـە هەندێـک ڕووەوە جیـاوازن، کەچـی ئـەم جیاوازییانـە نەبوونەتـە هـۆی ئـەوەی؛ ئاخێوەرانـی زمانەکـە لـە یەکتـری نەگـەن و زمانەکەیـان ببێـت بـە دوو زمانـی سـەربەخۆ. بـۆ نموونـە؛ جیـاوازی دەنگـی لـە نێـوان دوو زاری جیـاوازدا چەنـد لایەنێـک دەگرێتـەوە وەک؛ (ژمـارەی فۆنیمـەکان، چۆنیەتـی دابەشـبوونی بزوێـن و نەبزوێنـەکان و بەشـداربوونی فۆنیمـەکان لـە چوارچێـوەی برگـە و وشـەدا... تـاد) (محمـد معـروف: ٢٠١١: ١٠٩)، بەهەمـان شـێوە ئـەم جیاوازییانـە لـە ئاسـتی وشەسـازی و ڕستەسـازی واتاسـازیش بەرێـژەی جیـاواز هـەن، بـەڵام ئەگـەر زیاتـر لـەم لایەنـە قـووڵ بینـەوە، ئـەوە لـە ناوەڕۆکـی باسـەکەمان دووردەکەوینـەوە.

وەک گوتمـان؛ دیالێکـت تایبەتـە بـە گرووپێـک خەڵکـی دیاریکـراو، بەمـەش دیالێکـت نوێنەرایەتـی پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتـی دەکات کـە تێیـدا زمـان و ناسـنامە بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە، دیالێکتەکـە شـێوازی بیرکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵـە خەڵکـەی لەنـاو خۆیـدا هەڵگرتـووە. لـەم بارەیـەوە محەمـەد مەعـرووف دەڵـێ: زمـان هەویـەی کۆمەڵایەتـی قسـەکەر دیاری دەکات. (محمـد معـروف: ٢٠١٧: ١٣٧)، واتـە لـە ڕێگـەی زمانـەوە دەتوانین بزانین، قسـەکەر سـەر بـە چ گرووپێکـی کۆمەڵایەتـی، یـان لـە چ ئاسـتێکی ڕۆشـنبیریدایە.

لـەم چوارچێوەیـەدا لێکۆڵـەران پێیانوایـە؛ (کولتـوور) یەکێکـە لـە فاکتـەرە هـەرە سـەرەکییەکان، کـە بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی زانایـان لـە هـەردوو توانایـی مـرۆڤ (زمـان) و (بیـر) بکۆڵنەوە، بۆ نموونە؛ ئەگەر بمانەوێت لـە وڵاتێکـی جیاواز، زمانێکـی تـر تاوتـوو بکەیـن، دەبینیـن وێـڕای ئـەوەی وشـەکان و کولتوورەکەیـان جیـاوازە، بەهەمـان شـێوە دابونەریتەکانیـش جیـاوازن، تەنانـەت بیـر و هـزری ئـەم کولتـوورە و تێڕوانینیـان بەرانبـەر ژیان جیـاوازە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ، کە کاتێـک خەڵـک زمانیـان جیـاواز بێـت، ئـەوە ئاسـاییە دابونەریتیشـیان جیـاواز بێـت، بەمـەش ئـەو پرسـیارە جەوهەرییـە دێتـە پێشـەوە، (ئایـا جیـاوازی زمـان دەبێتـە هـۆی تێڕوانیـن و بیرکردنـەوەی جیـاواز؟ ) (نیـک لانـد: ٢٠١٦ :٢٧). بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بۆچوونی جیاواز لە ئارادان، گرنگترینیـان بریتییـە لـە (گریمانـەی ڕێژەیـی زمانـی)، ئـەم بۆچوونـە پێیوایـە زمـان کاریگـەری لەسـەر هـۆش و بیرکردنـەوە هەیـە، وای بۆدەچێـت کـە بەکارهێنەرانـی زمانـە جیـاوازەکان تێڕوانینـی جیاوازیـان بـۆ جیهانـی دەوروبـەر هەیـە. ئـەم تیۆرییـە بـۆ بۆچوونەکانـی (سـاپیر و وۆرف) دەگەڕێتـەوە، هـەر بۆیـە زۆر جـار ئـەم بۆچوونـە بـە گریمانـەی (سـاپیر و وۆرف)یـش ناونـراوە.

سـاپیر لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا زمانـی ئینگلیـزی لەگـەڵ چەنـد زمانێکـی ناوچەیـی ئەمریکایـی بەراوردکـرد، لـەم بـەراوردەدا گەیشـتە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە ئاخێـوەری زمانـە جیـاوازەکان، بەشـێوازی جیـاواز، بـە واتایەکـی تـر (جیـاوازی

نێوان زمانەکان ڕێڕەوی بیرکردنەوە و پەیبردنی خەڵکی سەبارەت بە ژینگە گۆڕیوە). (نیک لاند: ٢٠١٦: ٢٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (بەکارهێنەرانی زمانگەلی جیاواز، بە دیدی جیاواز لە جیهان بڕوانن). (هەمان سەرچاوە)

وۆرف یەکێکی ترە لە ڕابەرەکانی تیۆری ڕێژەیی بۆ زمان، پێیوایە زمان ڕێگاکانی بیرکردنەوە دیاری دەکات، واتە ئەو زمانەی کە مرۆڤ قسەی پێ دەکات، کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە و هۆکاری تێگەیشتنی مرۆڤە بەرانبەر جیهان و دەوروبەر. (عبدالواحد مشير: ٢٠١٤: ١٣٩). ڕوانگەی بەهێزی تیۆرییەکە ئەوەیە، (زمان بیر دیاری دەکات)، واتە ئەو زمانەی ئێمە پێی دەدوێین بە تەواوی بنیادی بیری ئێمە دیاری دەکات و تیۆرییەکە پێیوایە ئەو بیرەی کە لە زمانێکی دیاریکراودا هەیە، دەشێت لە زمانێکی تردا نەبێت.

**١-٢/ دیالۆگی کولتووری:** دیالۆگێک لە نێوان کولتووره جیاوازەکانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە لە ڕێگای ئەم دیالۆگەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت، چونکە ئەگەر بمانەوێت چەمکی دیالۆگی کولتووری شی بکەینەوە، پێویستە بڵێین؛ بریتییە لە دیالۆگی نێوان کولتووره جیاوازەکان، هەروەها جۆرێکە لە کارلێککردنی مرۆڤەکان لە نێوان شوناسە کولتوورییە جیاوازەکاندا، ئەم دیالۆگە هەوڵ دەدات بۆ بەرجەستەکردنی لێک تێگەیشتن لە نێوان ئەم کولتوورانەدا. ڕێکخراوی یۆنسکۆی جیهانی، لە ساڵی ٢٠٠٩، لە ڕاگەیاندراوێکدا پێیوایە گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان بە شێوەیەکی ڕێز لێگیراو، لە نێوان تاک و گرووپەکاندا کە هەر یەکێکیان پاشخانێکی کولتووری جیاوازیان هەبێت بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

دیالۆگی کولتووری چەمکێکە ئاماژە بە گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان دەکات لە نێوان کۆمەڵێک کەسەوە، کە هەریەکەیان سەر بە کولتوور و ڕۆشنبیری جیاوازن، لە پێناو پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتیدا، بەپێی ئەم چەمکە دیالۆگی کولتووری کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە وەک:

- زیادکردنی لێک تێگەیشتنەکان لە نێوان کولتووره جیاوازەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بڕیاردانی پێشوەختە.
- پاڵپشتیکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان نەتەوەکان بەگشتی و کەمایەتییەکان بەتایبەتی.
- سوودوەرگرتن لە فرەکولتووری لەپێناو پێشخستنی کۆمەڵگەکان لەسەر ئاستی فیکری و هونەری و زانستیدا.
- بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی.

ئەم خاڵانەش مەرجی بەدیهێنانیان هەیە، لە هەموویان گرنگتر بریتییە لە؛ دانپێدانان بە مافی ئەوانی دیکەدا، لەڕووی جیاوازی بیرکردنەوەوە، چونکە ئەمە بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشتی مرۆڤەکان، هەروەها مەرجێکی تر بریتییە لە؛ دەستەبەرکردنی سەکۆی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بۆنموونە؛ هاوکاری و هەرەوەزی لە نێوان ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی سەر بە کولتووره جیاوازەکانن، هەروەها گفتوگۆی نێوان ئایینەکان نموونەیەکی زیندووە بۆ هێنانەکایەی دیالۆگی کولتووری.

ئەمەی لەپێشەوە باس کرا، سەبارەت بە فرەدیالێکتی و دیالۆگی کولتووری، پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە زمانی قسەکردنەوە هەیە، چونکە هەموومان ئەوە دەزانین؛ کە زمان و

کولتـوور کاریگـەری تەواویـان بەسـەر یەکترییـەوە هەیـە، بەواتـای ئـەوەی زمانـە جیـاوازەکان، یـان دیالێکتـە جیـاوازەکان، کولتـووری جیـاواز دروسـت دەکـەن، ئـەم کولتـوورە جیاوازانـەش لـە نێـوان کۆمەڵگەکانـی مرۆڤایەتیـدا کاریگەرییـان لەسـەر پێکەوەژیـان و یەکترقبووڵکردنـدا هەیـە، هەندێـک جـار ئـەم کاریگەرییـە بەدیوەکـەی تـردا دەشـکێتەوە، واتـە کولتـوورە جیـاوازەکان دەبـن بـە هـۆکاری ئـەوەی مرۆڤـەکان لـە یەکتـر دووربکەونـەوە و یەکتـری قبـووڵ نەکـەن.

هـەر سـەبارەت بـە پێوەنـدی نێـوان زمـان و کولتـوور، توێـژەران هەوڵیـان داوە پێوەندییـەک بدۆزنـەوە لـە نێـوان سروشـتی پێکهاتـەی زمانیـی و ڕێگاکانـی بیرکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵگەیەی بـەو زمانە قسـەدەکات، لـەم بارەیـەوە جـۆرە پێوەندییەکیـان لە نێـوان ئـەم پێکهاتەیـە و فەلسـەفەی بیرکردنـەوەی کۆمەڵگـە دەستنیشـان کـردووە، بـۆ نموونـە؛ ئـەو زمانـەی کـە تێیـدا ئاوەڵنـاو دەکەوێتـە دوای نـاوەوە (دیارخـەر دەکەوێتـە دوای دیارخراو)ـەوە، یـان (سـیفە دەکەوێتـە دوای موصـوف)، وەک؛ لـە زمانی عەرەبـی، یـان فارسـی، یـان کوردیـدا هەیـە، ئـەم زمانانـە، کۆمەڵگەکانیـان بـە شـێوەیەکی دەرئەنجامی (ئیسـتنتاجی) بیردەکەنـەوە، بـەڵام ئـەو زمانانـەی کـە تێیـدا (دیارخـەر دەکەوێتـە پێـش دیارخـراو) ـەوە کۆمەڵگەکانیـان بـە شـێوەی هەڵهێنجـان (ئیسـتقرائی) بیردەکەنـەوە، هەروەهـا خاڵێکـی تـر بریتـی بـوو لـەوەی؛ کـە ئـەو زمانانـەی زاراوەی دیاریکـراو و تایبەتیـان بـۆ کـردارە لۆژیکییـەکان نییـە، ئـەوە ئاخێوەرەکانیـان ناتوانـن بـە شـێوەیەکی لۆژیکـی بیربکەنـەوە.

ئەمـەی سـەرەوە ئامـاژە بـەوە دەکات؛ کـە زمـان کاریگەرییەکـی بەهێـزی لەسـەر کولتـوور و شارسـتانیەتی کۆمەڵگـەدا هەیـە. لەگـەڵ ئەمەشـدا بۆچوونێکـی تـر هەیـە دەڵێـت؛ هەمـوو لایەنەکانـی کولتـوور و شارسـتانیەت بەتـەواوی لەژێر کۆنترۆڵی زمانـدا نییـە، چەنـدان لێکۆڵینـەوە لـە بـارەی کاریگەریـی زمـان بەسـەر کولتوور و شارسـتانیەتدا ئەنجـام دراون، کـە هەندێکیـان ئامـاژە بـە بوونـی کاریگـەری دەکـەن، هەندێکیشـیان پێیانوایـە کاریگـەری نییـە، دیارە ئێمـە لێرەدا زیاتـر جەخت لەسـەر بۆچوونـی یەکـەم دەکەینـەوە.

بـەم پێیـە فرەزمانـی، یـان فرەدیالێکتـی کاریگـەری زۆری لەسـەر دیالـۆگ و گفتوگـۆی نێـوان کولتـوورەکان هەیـە، ئەمـەش بـە پشتبەسـتن بـەو هاوکێشـە لۆژیکییـەی کـە دەڵـێ: زمـان کاریگـەری لەسـەر بیرکردنـەوەی مرۆڤەکانـدا هەیـە، کەواتـە ئـەو مرۆڤانـەی شـێوازی قسـەکردنیان جیـاوازە و سـەر بە دیالێکتـی جیـاوازن، ئـەوە بیرکردنـەوە و تێڕوانینیـان بـۆ ژیـان جیـاوازە، بەمـەش دوو کولتـووری جیـاواز کـە سـەر بـە دوو دیالێکتـی جیـاوازن، کاریگەریـان لەسـەر یەکتـر دەبێـت، بـەڵام کاریگەرییەکـە دوو سـەرەیە لـە هەندێـک شـوێن بەریەککەوتـن ڕوودەدات و لـە هەندێـک شـوێنیش لەیەکتـر نزیکبوونـەوە، ئامانجـی ئـەم بابەتـەی ئێمـە نیشـاندان و خسـتنەڕووی کاریگەرییەکانـە بـە ئاراسـتەی لەیەکتـر نزیکبوونـەوە و پێکەوەژیـان و لێبوردەیـی و ... تـاد.

بۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوە سـەرنجی ئـەم نموونانـە بدە؛ بـۆ نموونـە لـە ژینگـەی زانکـۆدا لـە یەکێـک لـە بەشـە زانسـتییەکاندا دەبینیـن کۆمەڵێـک خەڵـک هـەن هـەر یەکێکیـان لـە ناوچەیەکـی جیـاوازی کوردسـتانەوە هاتـووە، یەکێکیـان لـە هەورامـان و یەکێکیـان لـە بادینـان و ئەویتریـان لـە سـۆرانەوە، ئەمانـە هـەر یەکـەو بـە کولتـوور و فەرهەنگێکـی تایبـەت گـۆش کـراون، کـە دیالێکتەکانیـان ڕۆڵیـان لەسـەر ئـەم گۆشـکردنە هەبـووە، (ئێمـە لـە پێشـەوە ئەوەمـان سـەلماند کـە زمـان و کولتـوور

کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە)، لەم نێوانەدا ئەم مرۆڤانە تێکەڵ دەبن و هەوڵ دەدەن شارەزای کولتووری یەکتر بن، هەروەها جارێکی تر لە نێوان خۆیانەوە بە کولتووری یەکترییەوە کاریگەردەبن، واتە هەر یەکێکیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوورەکەی ترەوە و بەمەش لێک تێگەیشتن و پێکەوەژیان لە ڕێگەی گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان دێنەئاراوە، لەئەنجامدا بە پێی هاوکێشە لۆژیکییەکە دەتوانین بڵێین؛ دیالێکتی جیاواز بوو بە هۆی دروستکردنی کولتووری جیاواز. وەک گوتمان پێوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان دیالێکت لەلایەک و کولتووری ئەو خەڵکەی بەم دیالێکتە دەدوێن، لەلایەکی ترەوە، بەم پێیە لەو کۆمەڵگەیەی وەک نموونە خستمانە ڕوو کولتوورەکان تێکەڵ دەبن، بەمەش یەکترناسین و پێکەوەژیان و گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بیرکردنەوە دەست پێ دەکات، چونکە (کولتوور بوونێکی جێگیری نییە، بەڵکوو بریتییە لە ململانێیەکی ڕەمزی، هەربۆیەش دیالۆگی کولتووری تەنیا لە ڕێگەی دانپێدانانی یەکتر و فراوانکردنی بازنەی زمان بنیاد دەنرێت، چونکە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە دروستکردن و بنیادنانی هۆشیاریدا) هەیە. (Gramsci: 1971:450)

**٢/ کاریگەری فرەدیالێکتی لەسەر دروستکردنی دیالۆگی کولتووری:** لە پێشەوە هەوڵمان دا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە زمان، یان شێوازی قسەکردنی خەڵک کاریگەری تەواوی لەسەر دروستکردنی کولتووری جیاواز هەیە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوون و بنیادنانی کولتووری جیاواز بریتییە لە زمانی جیاواز، یان دیالێکتی جیاواز، بەمەش هەوڵ دەدەین کاریگەرییەکانی فرەدیالێکتی لەسەر دروستکردنی دیالۆگی کولتووری لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

١- فرەدیالێکتی وەک ئامرازێک بۆ لێک نزیک بوونەوەی کولتووری: کاتێک کارلێککردن و تێکەڵاوی لە نێوان کۆمەڵێک تاکی کۆمەڵگەدا دێنە ئاراوە کە هەر یەکێک لەم تاکانە سەر بە پاشخانێکی دیالێکتیی جیاوازن، ئەوە لەو کاتەدا پانتاییەکی باش بۆ لێک تێگەیشتن دروست دەبێت کە کەناڵەکەی بریتییە لە زمان. لەم بارەدا زار، یان دیالێکت لەبری ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ جیاوازییەکان، ئەوە دەگۆڕێت بۆ ئامرازی لێک نزیکبوونەوە، هەروەها دەبێتە پردی پێوەندی نێوان تاکەکان. لەم بارەیەوە (هۆڵ) دەڵێت ڕەفتاری زمانی، هەڵگری ڕەهەندێکی کولتووری ناڕاستەوخۆیە، بەشدارە لە بنیادنانی گفتوگۆیەکی بێدەنگ، بەڵام کاریگەر. (Hall: 1976). ئەم خاڵە دەرخەری ئەوەیە؛ زمان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بنیادنانی دیالۆگی کولتووری، چونکە سەرەتا بە ناڕاستەوخۆیی کاریگەری لەسەر دروستکردنی کولتوورەکاندا هەبووە.

٢- فرەدیالێکتی بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی شوناسی کولتووری ناوەخۆیی، چونکە هەر دیالێکتێک تایبەتمەندی قسەپێکەرانی خۆی هەڵگرتووە و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە قسەی پێ دەکات. لە هەمان کاتدا فرەدیالێکتی ڕێگە بە تەواوی ئەو بەشداربووانە دەدات، کە لە دیالۆگە کولتوورییەکەدا هاوبەشن، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانەتر و ڕەسەنتر گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیالۆگەکە لە ڕووی چوارچێوە و ناوەڕۆکەوە هەمەچەشنتر و دەوڵەمەندتر بێت.

٣- فرەدیالێکتی دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی کولتووری هەمەچەشن

لە بۆنەکاندا، ئەمە لە ڕێگەی شیعری میللی و پەندی پێشینان و گۆرانی میللی و ...تاد. شتێک هەیە (بۆردیۆ) بە سەرمایەی ڕەمزی کولتووری ناوی دەبات، کە لە ڕێگەی فرەدیالێکتییەوە هەر تاکێک بە پێشکەشکردنی گۆرانییەک، یان شانۆییەک، یان پەندێک بە دیالێکتەکەی خۆی، دەتوانێت بەشداری کارای لەم سەرمایە ڕەمزییە کولتوورییەدا هەبێت، چونکە هەر یەکێک لەم هونەرانە کۆمەڵێک ڕووداوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە؛ لە ڕێگەی چەندان پەندی پێشینانی کوردییەوە دەتوانرێت مێژوو و جوگرافیای ئەو ناوچەیە بزانی کە پەندەکە تێیدا سەری هەڵداوە، جگە لەمە پەندەکان چەندان لایەنی پەروەردەیی و ئابووری و کشتوکاڵی و جیهانبینی خەڵکەکەی لەخۆگرتووە، ئەوجا لە کۆمەڵگەی فرەدیالێکتیدا ئەمە بە سوود دەشکێتەوە، چونکە هەر لایەک لە ژینگەی خۆیەوە ئەم بەرهەمانە پێشکەش دەکات، لە کۆتاییدا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ئاشنایەتی و شارەزایی دروست دەبێت، بەمەش دەکرێت بگوترێت فرەدیالێکتی و دەتوانێت ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی فەرهەنگی هەمەچەشن.

٤ - دەوڵەمەندکردنی کولتووری کۆمەڵگە لە ڕێگەی فرەدیالێکتییەوە: دیالێکتەکان ڕۆڵی سەرەکی لە دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی کولتووری گشتی کۆمەڵگەدا دەگێڕن، لەبەر ئەوەی دیالێکت خاوەنی هەگبەیەکی گەورەی زمانی و دەربڕینی جیاوازە کە زۆربەی جارەکان ئەمانە لە زمانی ڕەسمی کۆمەڵگەکە بوونیان نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ دیالێکتەکان ئەرکیان تەنیا لەوەدا کورت ناکرێتەوە کە تەنیا هۆیەک بن بۆ پێوەندیکردن و لێک تێگەیشتن، بەڵکوو ئەوان نوێنەرایەتی سیستمێکی کولتووری یەکگرتوو دەکەن، ئەم سیستەمەش کۆمەڵێک پەند و مەتەڵ و میتافۆر و ئیدیەم و ...تاد لەخۆدەگرێت کە ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و ڕەفتاری بەکارهێنەرەکانیانە. بۆ نموونە؛ لە زمانی کوردیدا لە دیالێکتی ناوەڕاست پەندێکمان هەیە دەڵێن: ( مێشێک دەکات بە گامێشێک)، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە شتی بچووک گەورە دەکەن، بۆ نموونە ئەم پەندە لە دیالێکتی سەروو، یان خواروو بە جۆرێکی ترە.

کاتێک هەموو ئەمانە تێکەڵ بەیەکتر دەبن هەموویان دەبنە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی گوتاری گشتی کۆمەڵگە، یان هەندێک دەربڕینی زمانیمان لە سنووری دیالێکتەکاندا هەیە کە لە چوارچێوەی زمانی فەرمیدا بوونی نییە، بۆ نموونە (بە هەزاری گێژنان بی)، دەبینین ئەم دەربڕینە لە زمانی فەرمی، یان ستاندارددا دەرناکەوێت، چونکە دەربڕینەکە بە زمانە ڕەمزییەکەیەوە و پەیوەستە بە ناوچەیەکی کوردەواری تایبەت. ئەم پەند و دەربڕینە زمانییە باوانە هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزی تایبەتن، زۆر جار پەیوەستن بە ژینگەی قسەکەرەوە، ئەوجا چ کشتوکاڵی، یان ئاژەڵداری، یان تەنانەت شاریش بێت کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دەروونی و کولتووری باوی قسەپێکەران نیشان دەدات.

٢ -١/**پوختە**: لە پوختەی ئەم وتارەماندا دەڵێین: ئەو شیکارییە گشتییەی لە میانی ئەم نووسینەدا خستمانەڕوو، دەرخەری ئەوەیە، فرەدیالێکتی تەنیا لە بابەتی (جیاوازیی لە قسەکردن)دا کورت نابێتەوە، بەڵکوو لە پاڵ ئەمەدا پێکاتەیەکی کولتووری پێک دەهێنێت، ئەم پێکهاتەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دروستکردنی سەکۆیەک بۆ دیالۆگێکی کاریگەر بەشداری دەکات، بەمەش دەبێ دان بە ڕۆڵی فرەدیالێکتی دابنرێت لە دروستکردنی گوتاری گشتیدا، هەروەها پشتیوانی

لەوە بکرێت و هەوڵی بەکارهێنانی فرەدیالێکتی لە چوارچێوەی پەروەردە و میدیادا بدرێت (بە شێوەیەکی سنووردار)، وەک دەروازەیەک بۆ بەرەوپێشبردنی فرەیی و ناسینی ئەویتر و یەکتر قبووڵکردن.

پراکتیزە کولتوورییە هاوچەرخەکان دەرخەری ئەوەن؛ کە فرەدیالێکتی تەنیا بریتی نییە لە پاشماوەی ڕابوردووی زمانێک، بەڵکوو توخمێکی زیندوو و نوێکەرەوەیە، بەشداری لە پێکهێنانی شوناسێکی کولتووری دینامیکی دەکات، بە مەرجێک لە ڕووی دامەزراوەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانی لێ بکرێت.

**سەرچاوەکان:**


• عبدالواحید موشیر دزەیی، ( ٢٠١٤)، زمانەوانی دەروونی، چاپی یەکەم، هەولێر.

• محمد معروف فتاح، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر).

• نیک لاند (٢٠١٦) زمان و هزر، و. مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

• کمال بشر، (١٩٩٤). علم اللغة الاجتماعي، القاهرة: مكتبة دار النهضة.

• Gramsci, A. (1971). Selections from the Prison Notebooks (Notebook 11, §24,. 450). Hoare, Q., & Nowell Smith, G.

• Hall, Edward T. (1976). Beyond Culture. Anchor Books.

• Sapir, Edward. (1921). Language: An Introduction to the Study of Speech. Harcourt.

• UNESCO (2009). Investing in Cultural Diversity and Intercultural Dialogue. Paris: UNESCO.

• Whorf، B. L. (1956). Science and Linguistics (. 212–214)، J. B. Carroll ، Language, Thought, and Reality. Cambridge, MA: MIT Press.